# بەدیلی...سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی منالآن لە قوتابخانەدا



### سەرەتا

ئەمڕۆ نەفرەت و بێزاری لە دەست دواکەوتوویی کۆنەپەرستی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن بە تایبەت بەدوای ڕووداوە خۆکوژیەکانی چەند خوێندکاری قۆناغی سەرەتایی و تاوەندی لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و پێویستی گۆڕینی ئەم سیستەمە لە هەموو کاتێکی تر زیاتر ڕۆشن تربووەتەوە . توندوتیژی ناو فوتابخانە ولێدان و ترساندنی منالآن و مامەڵە و هەڵس وکەوتی دوواکەوتوانە ، سەپاندنی سیاسەت و دیدی دەسەلآت و شوناسنامەی ڕەگەزی و دینی و نەتەوەیی بەسەر منالآندا، شێوازی دواکەوتوانەو توندی فێرکردن و وانەی زۆر و قورس ، قوتابخانەی ناشایستە و بێ خزمەت و پێویستی ، گوێ نەدان بە توانایی و بەهرەکانی منالآن ، تێکشکاندنی کەسایەتی منالآن بەرهەمهێنانی کەسایەتی شەرمن و لاواز و لەرزۆك ... هتد هەموو ئەمانە تایبەتمەندی و پایە ئەساسی یەکانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنن لە عێراق و کوردستان دا . ئەم سیستەمە لە بنەڕتەوە لە لایەن ڕووناکبیرانی شۆفینیست و دەسەلآتە فاشستەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە لە عێراقدا دارێژراوە و پەرە پێ دراوە و جێبەجێکراوە . هاوکات سەرەڕای ئەوەی لە کوردستان ماوەی سیانزە ساڵ و لە عێراقدا ماوەی ساڵ و نیوێکە دەسەلآت و دەوڵەتی ناسیۆنالیستی بەعس نەماوە بەلآم سیستەم و یاسا بنچینەیی یەکانی پەروەردە و فێرکردنی ئەو ڕژێمە هەر درێژەی هەیە .

هەرچەندە ئەمڕۆ لە کوردستاندا قسەو باسی ئاڵ و گۆڕ لەو سیستەمەدا هاتووەتە گۆڕێ ، بەلآم زۆربەی ئەو باس و هەولآنەی لە پەیوەند بەم مەسەلەیەوە کراون ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی نین بۆ هێنانەدی سیستەمێکی هاوچەرخ وئینسانی کە لە بەرژەوەندی منالآندا بێت ، بەڵکو ئاڵوگۆڕێکی شکلین بەهەمان ناوەرۆك و پایە ئەساسی یەکانی سیستەمی کۆنەوە . هەربۆیە خسنەڕووی سیستەمێکی ئینسانی و هاوچەرخ کە لە ناوەرۆکدا جیاوازیەکی ڕیشەیی لەگەڵ سیستەمی دوواکەوتوانە و کۆنەپەرستانەی تا ئێستای عێراقدا هەبێ گرنگی یەکی تایبەتی هەیە لەم دەورەیەدا.

### خەڵکی متمدن و ئازادیخواز .. لایەنگرانی مەدەنیەت و مافەکانی منالآن ...

ئەم سیستەمەی کە لە خوارەوە چوارچێوە و خالە ئەساسی یەکانی هاتووە وەکو بەدیلێك کە پشتی بە ماف و بەرژەوەندیەکانی منالآن بە تایبەتی و کۆمەڵگا بە گشتی ، بە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی کۆمەڵگا مەدەنی یەکان بەستووە دەخەمە بەردەستان . بانگەوازی دەزگا پەیوەندیدارەکان و لایەن و کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی لایەنگر لەمافەکانی منالآن و مەدەنیەت و خەڵکی ئازادیخواز دەکەم بۆ دەوڵەمەندکردن و پشتیوانی ئەم سیستەمە ڕۆڵی مێژوویی خۆیان بگێڕن هەتا بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەکمان کارێکی ئینسانی و مێژوویی گرنگ بۆ منالآن و کۆمەڵگا ئەنجام بدەین .

# پایە بنەڕەتی یەکانی سیستەمی خوێندن :

**یەکەم :ـ شوناسی منالآن لە قوتابخانەدا تەنها شوناسی ئینسانی و منالڵ بوونیانە ، قەدەغەکردن و لابردنی هەر جۆرە وانە و مامەڵە و ڕێ و ڕەسمێکی پەروەردەیی لە قوتابخانەکاندا کە پێچەوانەی شوناسنامەی ئینسانی منالڵ بوونی منالآنە .**

**دووەم :ــ قوتابخانە خۆشترین و ئازیزترین شوێنی منالآنە ، دابین کردنی قوتابخانەی مودێرن و گونجاو بۆ تەندروستی و گەشەی بۆ منالآن**

**سێیەم :ــ مامۆستایان نزیکترین هاوڕێ و خۆشەویسترین کەسی منالآنن لە قوتابخانەدا . مامۆستایان لە منالآن گەورەتر نین ،**

**چوارەم :ــ وانەکانی خوێندن و فێربوون لەئاستی توانا و بیرکردنەوەی منالآن و بە پێی پێویستی گەشەی فیزیکی و بەهرەکانیان بێت.**

# یاسا و خاڵە گرنگەکانی سیستەمی خوێندن وپەروەردە :

**یەکەم :**

1- خوێندنی منالأنی سەروو 6 ساڵ ئیجباری و بە خۆڕایی یە .

2- لە قوتابخانەدا تەنها شوناسی ئینسانی و منالْ بوونی منالأن بە ڕەسمی دەناسرێت . سەپاندنی شوناسی ڕەگەزی و دینی و نەتەوەیی و حزبی بەسەر منالأندا قەدەغەیە .

3- منالأن بە ڕەچەڵەك و خێزان سەر بە هەر ڕەگەز و دین و نەتەوە یەك بن و بەهەر زمانێك قسە بكەن لە قوتابخانەدا هیچ جیاوازیەكیان نی یە ، لە هەموو ماف و یاسایەكی قوتابخانەدا یەكسان و وەك یەكن .

4- لە پۆلی یەكەمی سەرەتایی یەوە منالأنی كوڕ و كچ لە قوتابخانە و پۆل دا پێكەوە دەبن بە بێ هیچ جیاوازیەك . هەر جۆرە لێپرسینەوە و تەدەخولێك لە هاوڕێیەتی و پێكەوەبوونی منالأنی كوڕ وكچ لەناو قوتابخانە و پۆل دا قەدەغەیە .

**دووەم :**

5- قوتابخانەی ڕێك و پێك و جوان و پڕ پێویستی یەكانی یاری كردن ، پۆلی ڕازاوە و پڕ وێنە و پێویستی یەكانی خوێندن و فێربوون ، پاك و خاوێنی ، ساردی و گەرمی ، كورسی و مێز و تەختە و دەباشیری سەحی و جوان ...

6- دیاری كردنی ژمارەی گونجاو بۆ هەر پۆلێكی قوتابخانە كە لە 20 منالْ زیاتر نەبێت . قوتابخانە 250 منالْ زیاتری تیا نەبێت.

7- لە هەفتەیەكدا 5 ڕۆژ و لە ڕۆژێكدا 4 سەعات قوتابخانە بۆ هەر منالێك ، لە نێوان هە دوو وانەدا ماوەی 15 دەقیقە پشوو ,

8- لە قوتابخانەدا هیچ شیعارێكی سیاسی و دەستەواژەیەكی دینی و وێنەی هیچ بەرپرسێكی حكومی و حزبی و ئاڵای هیچ حزبێك بەرز ناكرێتەوە و هەڵناواسرێت .

9- دابینكردنی ژەمێكی خواردنی منالأن لە كاتی لە قوتابخانەدا

10- لێدان و ترساندن و توڕەبوون و سزادانی منالأن لە قوتابخانەدا قەدەغەیە

**سێیەم :**

11. هەرپۆلێك یەك مامۆستای بەرپرسی هەیە ، بەرپرسە لە فێركردن و پەروەردەكردنی منالأن و چارەسەری كێشە و ڕێگریەكانیان .

12- هەفتانە لە پەڕەیەكی ڕازاوەی تایبەتا خشتەی وانەكانی هەفتەی ئاینده بە هەموو منالێك دەدرێت ، هەروەها بابەتی هەفتەی ڕابردوو ، هەفتەی داهاتووی تیا ڕۆشن دەكرێتەوە تا دایك وباوكیان بزانن منالەكانیان چی یان خوێندووە و چی ئەخوێنن .

13- كەسایەتی مامۆستا و منالأن لە پۆلدا یەكسان و بەرامبەرە ، مامۆستا بە ناوی شەخسی خۆیەوە بە بێ هیچ پێشگر و پاشگرێك بانگ دەكرێن ، لەكاتی چوونە ژورەوەی مامۆستادا منالأن هەڵناسنە سەرپێ و پشوو بە ووریا بە ناكەن. زمانی مامۆستا لەگەڵ زمانێكی خۆش و سادە و هێمنە

14- مامۆستا لە بەرامبەر بە نەگونجان و دوواكەوتن و نالەباری منالێكدا مافی بانگ كردنی دایك و باوكی منالی هەیە بۆ چارەسەركردنی كێشەی منالەكەیان و هاوكاری كردنی نەك ترساندنی . هەموو سالێك قوتابخانە 2 جار كۆبوونەوەی دایكان و باوكان پێكەوە سازدەكات ، جارێك ئاهەنگی دایكان و باوكان پێكەوە بە بەشداری منالەكانیان ساز دەكات . پێشتر بە نامە لە كاتی كۆبوونەوەكان ئاگاداریان دەكەن

15- كەسانی پسپۆڕ و گونجاو لەگەڵ منالأن بە تایبەتی ژنان، دوای تێپەڕاندنی دەورەی تایبەت ، قەناعەت و ئیلتیزامی تەواو بەم سیستەمە، دەبن بە مامۆستا . لەكاتی سەرپێچی و بێ ئیلتیزامی دا پیشەی مامۆستایان لێ دەسێندرێتەوە و دەخرێنە سەر پیشەی تر

.

16ـ  بردنه دەرەوەی منالاٌن بۆ دەرەوەی قوتابخانه به مەبەستی ڕاهێنان لەگەڵ کەش و هەوا و سەیران و بینینی یاری و شەقام و شوێنی گشتی  و مۆزەخانەکان ...



**چوارەم** :

17ـ لابردنی وانه و کتێبی پەروەردەی ئیسلامی له سیستەمی خوێندن دا  .

18ـ  لابردنی وانه و کتێبی مێژوو و جغرافیا وپەروەردە و ڕێزمان له سیستمی خوێندنی  سەرەتایی و ناوەندی دا ,

19ـ لابردنی وانه و کتێبی هەندەسه و جەبر  له سیستمی خوێندنی ناوەندی دا .

20ـ بابەتەکانی خوێندن و پەروەردەکردنی  منالاٌن له قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی دا  :

1ـ فێربوونی  خوێندنەوە و نوسین و ژمارە به زمانی کوردی ، عەرەبی .

2ـ بینین و ناسینێکی گشتی  لەشی ئینسان و دیاردەی سروشتی  و گۆی زەوی و کارەبا و  دەزگا و دامەزراوە و کارگەکان .

3ـ فێربوونی کۆمپیتەر ، فێربوونی مۆسیقا و گۆرانی منالاٌن و گۆرانی یه ئینسانی یەکان ، فێربوونی نەخش و وێنەکێشان ، فێربوونی یاری و وەرزشی جۆراو جۆری پێویست و گونجاو لەگەڵ توانای هەر منالٌێك  (مەله .. باله .. جمناستیك ، ...)

21ـ پێداچوونەوە و ئاڵ و گۆڕی  سەرجەم ئەو وانه و پەرتوکانەی تر که بۆ فێربوونی زمان و ژمارە و زانیاری گشتی دانراون  له لایەن لیژنەی تایبەتی پەروەردە و کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی بەرگری له منالاٌنەوە ، به کەڵك وەرگرتن له شێوازی فێربوونی سیستەمە مەدەنیەکان .

22. ..............................................................


سامان ئەحمەد

samanahmadk@Yahoo.com